کاروانێك شەهید لە پێناو هەڵگرتنەوەی ئاڵادا

کاکەڕەش لاجانی

سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1372 هەتاوی بوو. پۆلێک لە تێکۆشەرانی پارتی ئازادیی کوردستان لەپاش دەرچوونی بڕیارێکی گرینگ لە لایەن سەرکردایەتیی PAKەوە، هەستان بە جێبەجێ کردنی ئەرکێکی قورس و مێژوویی.

بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، سکرتێری گشتیی ئەو دەمی PAK، لە ئاخاوتنێکدا بۆ ئەو دەستەیە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکەی، تیشکی خستە سەر ئەو ئەرکە گەورەیەی کەوتبووە سەرشانیان و دەستیکرد بە شیکردنەوەی بایەخ و گرینگیی لە ڕادەبەدەری چالاکیی ئەمجارەی ئەو بەشە لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

(دەقی قسەکانی کاک حسەین لە چوارچێوەی فیلمێکی بەبایەخ و دێکۆمێنتیدا بۆ ڕۆلەکانی نەتەوەکەمان بە دیاری ماوەتەوە و لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادیی کوردستانیشدا خرایە بەر دیدی میوانان و ئامادەبووانی کۆنگرەکە.)

ئەو بڕیارە مێژوویە، هێنانە دیی بەشێک لە خەون و ئاواتە لەمێژینەکانی کورد، واتە هەڵگرتنەوەی ئاڵای کوردستان و داگرتنی ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەری ئێران بوو.

بەڵێ، ئەرکی هەڵگرتنەوەی ئەو ئاڵایەی لەپاش کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانەوە نەوەیبوو، لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەی موکریان، بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی پێشوو و پارتی ئازادیی کوردستانی ئێستا، بە فەرماندەیی شەهید "عوسمان بایەزیدی (عوسمان خراپە) " سپێردرا.

کاروانی پێشمەرگە، لە سەرما و بەستەڵەکی ڕێبەندانداندا ڕەوانەی ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدە، شنۆ، ورمێ و مهاباد کران.

ئەو کۆمەڵە خەباتگێڕە، کە دوایە بە کاروانی ئاڵا نێویان دەرکرد، توانیویان لە بارودۆخێکی ناهەموار تا نێو جەرگەی وڵات بڕۆن و شانازییەکی دیکەیان بە شانازییەکانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، لە ڕێگای خزمەت بە کورد و کوردستان، زیاد کرد.

کەم پێگەی دوژمن لە سەر ڕێگەیان مابوو کە زەبری کاریگەریان بەر نەکەوتبێ. لە هەموو گوندەکانی ناوچەی"لاجان"، "بەری"، "مێرگان" و "بەربنە"، لە سەر بڵێندگۆی مزگەوتەکانەوە خەڵکیان هوشیار دەکردەوە و لە قوتابخانە و دەزگا حکوومیەکاندا، ئاڵای داگیرکەریان دەهێنایە خوارێ و ئاڵای پێرۆزی کوردستانیان هەڵدەکرد.

لە ناوچەکانی شنۆ و کۆمەڵێک لە ئەوێندارانی ڕێگای کوردایەتییان ئاوێتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی حیزبەکەیان کرد.

دوژمن لەو ناوچانە کەوتبووە پەلەقاژەوە و لە هەر شوێنێک سەری دەربخستبایە، دەکەوتە بەر ڕەحێلەی فیشەکی قارەمانانی پارتی ئازادیی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی پێشمەرگە تووشی شکست دەهات، بۆیە بە ناچار هانای بردەبەر جاشەکانی ناوچەکانی ساینقەڵا، بۆکان، میاندواو و سەقز.

شەڕی دەستە و یەخەی ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە، کە بە درێژایی چۆمی گادەر لە ئارادا بوو، ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاند و هێزی پێشمەرگە، زۆر دلێرانە و بوێرانە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە؛ بەشێوەیەک کە جیا لە کەل و پەل و ئیمکاناتی نیزامی، کەلاکی زیاتر لە 300 کەس لە هێزەکانی دوژمن لە بەر دەستی لایاندا و لەوێدا ماوەی دوو ڕۆژ مانەوە. تێکۆشەرانی پارتی، لە دوای ئەو سەرکەوتنانە، لەخوبایی بوون، کە بەداخەوە

"دەشتەبێل"ی ورمێ و بەشێک لە گوندەکانی دەوروبەری چۆمی "گادەر"، پێشمەرگە ماندوونەناسەکانی پارتی، هێزی پێشمەرگەدا کەوتبوو. ڕێژیم چەند ڕۆژێک بە گواستنەوەی جەنازە بە ئۆتۆمۆبیل و هلیکۆپتەر بۆ شار و شارۆچکە جیاوازەکانی ئێران و کوردستانەوە خەریک بوو.

ئەوەی جێگای سەرنج و شانازییە ئەوەیە کە، لە هەموو ئەو چالاکییە حەماسە خولقێنەرانەیەدا، تەنانەت یەک پێشمەرگەش زامدار نەبوو.

ئەم هێزە فیداکارە، لە دوای سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانیەوە، ناچار بوو بە هۆی نالەباریی کەش و هەوا و کەمیی تەقەمەنییەوە، بڕیاری گەڕانەوە بدا و سەرئەنجام ڕێگەی سنووری گرتە بەر.

کاروانی ئاڵا، لە گوندێکی ناوچەی لاجانی پیرانشار بە نێوی "زەنگیاوێ"، بۆ حەسانەوە هەر ئەوەش بووە هۆی بە هێند نەگرتنی دوژمن.

ئەو هێزە فیداکارە، ساعەت 8 ی ئێوارە، بە سواری تەراکتۆر ملی ڕێگە دەگرن و کاتێ دەگەنە سەر پردی "خرێ بەرداشان،" بە پیلانێکی لەپێشدا دارێژراو، دەکەونە بۆسەی خۆفرۆشان و لە یەکەم دەسڕێژدا زۆربەیان شەهید دەبن.

تەرمی زۆرێک لەو شەهیدانە بە هۆی زۆریی ئاوی چۆمی "کەڵوێ" تا درەنگانی ساڵ نادۆزرێتەوە. هەروەها، دوای ماوەیەک بەرگری کردن، یەکێک لەو تێکۆشەرانە بە ناوی "سەید ڕەحیم" ناسراو بە "شەماڵ"، خۆی دەخاتە چۆمەکەوە و دەرباز دەبێ. هاوکات کەسێکی دیکەشیان بە نێوی "بێری" (کە هەر لە جەریانی ئەو جەولەیەدا تێکەڵ بە هێزەکانی PAK ببوو) بە دیل دەگیرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، فەرماندەی بریندارەی هێزەکە، واتە شەهید "عوسمان خراپە" و هەڤاڵ "سەعادەت ڕەحمانی،" لەپێشدا ڕزگاریان دەبێ و خۆ لە"خراپە،" گوندی شەهید عوسمان حەشار دەدەن.

بەڵام، هێزەکانی ڕێژیم، پاش هاتنەسەر تەرمی شەهیدەکان، تێدەگەن کە تەرمی کاک عوسمانیان تێدا نییە، بۆیە بەپەلە شوێن پێیان دەگرن و کاتژمێر 11:30 سەر لە بەیانی بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆی گوندی خراپە دەدەن.

هێزەکانی دوژمن بە هۆی ترسەوە، لە دووری گوندەکەوە بانگی شەهید "عوسمان" دەکەن و سەرەتا وەڵامی"تەسلیم دەبین" دەبیستن. لە گەڵ نزیکبوونەوەی چەند کەس لە فەرماندەکانی دوژمن، شەهید عوسمان و خۆشکە سەعادەت لێیان هەڵدەستن و لاشەی فەرماندەکە و دوو جێگرەکەی خەڵتانی خوێن دەکەن و لە یەکەم دەسڕێژی گوللەدا، هەر ئەوەش بووە هۆی بە هێند نەگرتنی دوژمن.

ئەو هێزە فیداکارە، ساعەت 8 ی ئێوارە، بە سواری تەراکتۆر ملی ڕێگە دەگرن و کاتێ دەگەنە سەر پردی "خرێ بەرداشان،" بە پیلانێکی لەپێشدا دارێژراو، بە سواری تەراکتۆر ملی ڕێگە دەگرن و کاتێ دەگەنە سەر پردی "خرێ بەرداشان،" بە پیلانێکی لەپێشدا دارێژراو، دەکەونە بۆسەی خۆفرۆشان و لە یەکەم دەسڕێژدا زۆربەیان شەهید دەبن.

تەرمی زۆرێک لەو شەهیدانە بە هۆی زۆریی ئاوی چۆمی "کەڵوێ" تا درەنگانی ساڵ نادۆزرێتەوە. هەروەها، دوای ماوەیەک بەرگری کردن، یەکێک لەو تێکۆشەرانە بە ناوی "سەید ڕەحیم" ناسراو بە "شەماڵ"، خۆی دەخاتە چۆمەکەوە و دەرباز دەبێ. هاوکات کەسێکی دیکەشیان بە نێوی "بێری" (کە هەر لە جەریانی ئەو جەولەیەدا تێکەڵ بە هێزەکانی PAK ببوو) بە دیل دەگیرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، فەرماندەی بریندارەی هێزەکە، واتە شەهید "عوسمان خراپە" و هەڤاڵ "سەعادەت ڕەحمانی،" لەپێشدا ڕزگاریان دەبێ و خۆ لە"خراپە،" گوندی شەهید عوسمان حەشار دەدەن.

بەڵام، هێزەکانی ڕێژیم، پاش هاتنەسەر تەرمی شەهیدەکان، تێدەگەن کە تەرمی کاک عوسمانیان تێدا نییە، بۆیە بەپەلە شوێن پێیان دەگرن و کاتژمێر 11:30 سەر لە بەیانی بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆی گوندی خراپە دەدەن.

هێزەکانی دوژمن بە هۆی ترسەوە، لە دووری گوندەکەوە بانگی شەهید "عوسمان" دەکەن و سەرەتا وەڵامی"تەسلیم دەبین" دەبیستن. لە گەڵ نزیکبوونەوەی چەند کەس لە فەرماندەکانی دوژمن، شەهید عوسمان و خۆشکە سەعادەت لێیان هەڵدەستن و لاشەی فەرماندەکە و دوو جێگرەکەی خەڵتانی خوێن دەکەن و لە یەکەم دەسڕێژی گوللەدا، خۆشکە سەعادەت شەهید دەبێ و شەهید عوسمانیش، بە تەنیافیشەکی دەمانچەکەی، کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

ئەوەی جێگەی ئامازەیە، بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی هێندێک ڕێ و شوێنی نیزامی، لەو ماڵەی کە لە گوندی "زەنگیاوێ"، سەر بە پیرانشار، تێیدا نیشتە جێ بوون، بێسیمێکی دامودەزگاکانی ڕێژیم دەدۆزرێتەوە و دەردەکەوێ کە بەر لە وەڕێکەوتنیان شوێن و نوێنی پێویست بۆ ئەو بۆسەیە گیردراوەتە بەر.

یادی شەهید عوسمان خراپە و هاوڕێیانی دیکەمان هەر دەم لە دڵماندا زیندووە و لەگەڵ شەکانەوەی ئەو ئاڵایەی گیانیان لە پێناوی هەڵگرتنەوەیدا بەخت کرد، هەست بە زیندوویی و ئامادەبوونیان لەنێو سەنگەرەکانی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی داگیرکەری ئێراندا دەکەین.

شانازی بۆ خزمەت و فیداکارییەکانی شەهیدانی کاروانی ئاڵا و بەگشتی پارتی ڕەچەشکێن و پێشڕەوی خەبات و بەرخۆدان لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا.

سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان و لە سەرەوەی هەمووان ڕێبەر و دامەزرێنەی PAK، کاک سەعید یەزدانپەنا. مەرگ و نەمان بۆ

پاشماوەی لاپەڕەی 8

کۆنگرەی یەکەمی PAK نموونەیی و داهێنەرانە بوو

بەشی سێیەم: ئاکام، گۆڕانکاریی و بڕیاراتی کۆنگرە

کە پێی باش بوو ناوەکە بکرێتە "پارتی کۆماریی کوردستان."

پاش قسە و باسی پێویست و گفتوگۆ لە سەر پێشنیار و بۆچوونەکان، سەرەنجام پێشنیارەکان لەم بڕیارنامەیەدا خرانە دەنگەوە و بە تێکڕای دەنگ و بە لێدانی چەپڵەی بەردەوام پەسند کرا.

بڕیارنامەکە بریتی بوو لەمەی خوارەوە: "کۆنگرەی یەکەمەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بڕیار دەدا کە:

1- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ببێ بە "حیزب."

2- ئەم حیزبە درێژە و گەشەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانە.

3- ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، دەبێ بە پارتی ئازادیی کوردستان.PAK

4- ئارمی پارتی ئازادیی کوردستان بریتی دەبێ لە دوو چوارگۆشەی تێکهەڵکێش کە هێمای پارچە سەرەکییەکان و بەشە دابڕاوەکانی کوردە لە کوردستان کە لە ناوەندیدا خۆڕێکی تێدایە و لە سەر تەختێکی سپی بە مانای پاکی لە نێوان دوو قەراخی نارنجی کە هێمای هێمنی و دیموکراسی خوازیی یە.

5- ڕەنگی تایبەت بە پارتی ئازادیی کوردستان، ڕەنگی "نارنجی" یە.

ئەم گۆڕانکارییانە لە قەوارە و ناو و نیشانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەر لەو کاتەدا کە پێویستیی گەشەی خەباتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و هاتنە ناو قۆناخێکی بەرزتری زیان و خەباتی بوو، خۆ نوێکردنەوەیەکی ڕوون و لە عەینی وەختدا، بوێرییەکی سیاسیی بوو کە ئەندامانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە خۆیان نیشان دا. بایەخی ئەو گۆڕانکارییانەش لەوەدایە کە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە، سەربەستانە و بە دوور لە هەر هەلومەرجێکی نائاسایی و قەیراناوی ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتەوە. جگە لەوەش باسی هۆکارەکانی ئەو دابەشکارییە و شەڕ و ململانێیەی کردوە کە تووشی کوردستان هاتووە، لەمپەر و هۆیەکانی ڕێگر لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی لێکداوەتەوە، شوێنەوار و کاریگەرییەکانی دابەش و داگیرکرانی کوردستان بەسەر یەکێتی نەتەوەیی کورد و ناسیونالیزمی کوردەوە خستووەتە بەر باس و هەڵوێستی دەسەڵاتە گەورەکان و کاریگەریی بیری مارکسیزم – لینینیزمی لەسەر کێشەی نەتەوەیی کورد هەڵسەنگاندووە. هەر لەو پێشەکییەدا، سیستەمی ئێستای جیهانیی بە "یەک چەند جەمسەریی" خوێندراوەتەوە، واتە چەند جەمسەری گەورەی هێز لە جیهاندا هەن کە ئەمریکا لە نێویاندا بەڵادەستە و پرسی کورد لەم سیستەمەدا ڕاقە کراوە و باس لەو دەرفەت و دەرەتانانە کراوە کە بۆ ڕزگاریی نەتەوە بێدەوڵەتەکان و یەک لەوان کورد پێکهاتووە .

لە تاران کچێك پاش دەستدرێژی سەردەبڕدرێ